# بەیانی وەرە

**تەنیا پێشکەشە: بە ئەو کە وەك تارماییەك جارجارە دێتە ژورەکەم**

**ئارام قەرەداغی**
Aram_qaradaghi@hotmail.com

تۆ لەودورەوە

لەبەرچنەیەك تری ئەچیت

ڕۆژێك دی من لەم دورەوە

ئەبم بە لقێکی وشك لەدارچنار

شەوێك دێت و سەیر ئەکەیت

دارێك بووە بە خۆڵەمێش,

سارایەك بووە بە مشتێك لە ڕۆحی فرِیو بەناو هەناسەدا

من بووم بە وێنەیەکی شکاو لەناو هەوادا,

لەمدورەوە بەخەونێك دەڵێین

بەیانی وەرە

من لەدوێنێوە قسە لەگەڵ خۆرەتاوا ئەکەم

لەدوێنێوە باسی شەرەکانی ناو دەریا ئەکەم

کە ئێمە ئەهاتینەوەو دایکمان ئاگای لێنەبو کەچوین بۆشەڕ,

دایکمان ئەیگوت

تۆ زوو ئەچیت بۆ پیاسە

تۆ کاتت نیە بۆ پیاسە!

لەمدورەوە دەست درێژ ئەکەین و

دەستمان ناگاتە ژێر چەناگەی

هێشوە شۆڕەکانی مردن,

بەیانی وەرە

خۆت بیرت نایە

من لەکەیەوە بەدیار تارماییەکەوە دانیشتوم

کە نازانم بەچەند لەحزەی تری ڕۆح دەرچون ئەگاتەوە ئێرە

یەکەمجار

لەعەسرێکی درەنگ وەختا خۆتکرد بەناو تەنیایما

کە تۆ نەبویت

لەدەلاقەیەکی زۆر بچوکەوە

عەسرێکی زۆر درەنگ هاتی و

گوتت:

مەرحەبا برادەر

واتگوتو تۆ نەبویت,

بەیانی وەرە

کێ ئەڵێ ئیدی من لێرە ئەبم

کێ ئەڵێ دوای بەیانی

من ناچم بۆ سەفەری دور

من ناتوانم دڵنیابم لەوەی کە پێش گەیشتنت

جێ دەپەنجەی خوێناوی خۆم نابینی

کەبەسەر سنگ و ملمەوە جێمابێت

تۆ لەودورەوە

چاوەکانت لەباوکت سەندوەو

سەیری ماڵی مێروەکانی پێ ئەکەیت

من لەمدورەوە

هەناسەکانم لەباوکم بەقەرز وەرگرتوەو

بەناو سنگما تێی ئەپەڕێنم

چاوی گەورە... ماڵی بچوک

هەناسەی گەورە ... سنگی بچوک

تۆ لەو دورەوە چەند بێ منەتی

من لەم دورەوە چەند دور

بەیانی وەرە ئەزیزم ئیدی وادەی هیچ نەماوە

بەیانی وەرە,